ئێران پرسیەکی فراوانی لە ناوچەکەدا دەستپێکردووە بە مەبەستی لاوازکردنی ئۆپۆزسیۆن

سەرچاوەیەکی ئاگادار ڕۆژی هەینی ئاشکرای کرد کە ئێران پرسیەکی دیپلۆماسی فراوان لە ناوچەکەدا دەستپێکردووە بە مەبەستی لاوازکردن و لەناوبردنی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی. سەرچاوەکە بە ئاژانسی "المطلع"ی ڕاگەیاند، "هەفتەی ڕابردوو شاندێکی باڵای سیاسی و ئەمنی سەردانی شاری هەولێریان کرد لە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرپرسان و کەسایەتییە سیاسییەکانی شارەکە کۆبوونەوە بە تاوتوێکردنی دواپین پێشکەوتنەکانی ناوچەکە و پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان هەولێر و تاران". ئاماژەی بۆ شکردووە، "شاندەکە ژمارەیەک دەسپێی هەبوو، گرنگترینیان لاوازکردن و ڕووخاندنی ئۆپۆزسیۆنی ئێران دەکەن کە بنکەیان لە هەرێمی کوردستانە".

سەرچاوەکە وتیشی، "دەسەڵاتدارانی ئێران پرسیەکی دیپلۆماسی فراوان لە ناوچەکەدا ئەنجام دەدەن، هاوکات لەگەڵ دانوستانەکانی ئێران و ئەورووپا و ڕۆژئاوا لە قەتەر و عومان، بە ئامانجی لاوازکردن و کۆتاییهێنان بە بوونی گروپە دژەکان لە عێراق و وڵاتانی جێراوجێری ڕۆژئاوا".

لە هەمان کاتدا، هەفتەی ڕابردوو گروپی ئۆپۆزسیۆنی موجاهیدی خەلق لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێلبانیاوە لە بارەگای سەرەکی گروپەکە لە تیرانای پایتەختی ئێلبانیا هەرشیان کرایە سەر و ژمارەیەک لە ئەندامانی گروپەکە کوژران و بریندار بوون، لەلایەکی تریشەوە بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە

پێکدادانی چەکداری لە پارێزگای سلێمانی لێنوان دوو باڵی کۆمەڵە ڕوویدا، " کۆمەڵەی شۆشگێڕانی کوردستان" و "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان" و بەهێوێ دوو پشمێرگەی کۆمەڵە کوژران.

پێیامنێری "المطلع" ڕایگەیاند، "ئەو پێکدادانانە بووە هۆی کوژرانی دوو کەس و بریندارببوونی دوو کەسی دیکە لە هەردوو لا، لە هەمان کاتدا فڕۆکەیەکی بەفڕۆکەوان لە پارێزگای سلێمانی کەوتە خوارەوە".

شایەنی باسە کە پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات بنکەیان لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەتایبەتی ناوچەکانی پێنجوێن و کۆیە و هانیە و هاپێرین، کە زۆربەیان دەکەونە سلێمانی و هەولێر.

لە لایەکی دیکەوە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕایگەیاند کە دوو ئەندامی هێزەکانی پشمێرگە لە هەرشەکدا لەلایەن چەکدارانی کۆمەڵەی شۆشگێڕانی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی کوژراون.

کەمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "کۆمەڵەی شۆشگێڕان هەرشیان کردە سەر ناوەندەکانی هاهێنان و کەمپەکان و بە چەکی قەناس تەقیان لە هێزەکانی پشمێرگە کردووە و بەداخەوە تا ئێستا دوو هێزی پشمێرگە لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەناوەکانی سامان ئیبراهیمی و هیوا سادقی کوژراون".